# ستیڤان شەمزینانی :بەرپرسە گەندەڵەكانی ناو یەكێتی زیاتر لە مەلاكان دژایەتیی درامای (ئاریا)یان كرد

## دیمانە: بابان حەمە



**بەڕێزان، دیمانەی ئەمجارەمان تەرخانكراوە بۆ قسەو باسكردن لەسەر وەستاندنی زنجیرە درامای ئاریا لە كەناڵی كوردسات، بۆ ئەو مەبەستە میوانداریی برای نووسەرو رۆژنامەنووس (ستیڤان شەمزینانی) دەكەین كە ئێستا سەرپەرشتی كەمپینێك دەكات بۆ داكۆكیكردن لە درامای ئاریا، لەگەڵمان بن.**

**بابان:** ئایا دوای وەستاندنی درامای ئاریا لە كەناڵی كوردسات ئەوە دەرنەكەوت عەلمانیەت لە كوردستاندا نەیتوانیوە خزمەت بكات بەگەشەسەندن و هۆشیاركردنەوەی كۆمەلاَیەتی؟ ئایا لەدوای وەستاندنی ئەم درامایەوە چۆن لەڕەوتە عەلمانی و سەلەفییەكان بڕوانین؟

**ستیڤان شەمزینانی:** عەلمانیەت لەواقیعی سیاسی و كۆمەلاَیەتی كوردستاندا زیاتر دروشم بووە وەك لەوەی پرۆژەیەك یان هەنگاوێكی سیاسی و كردەیی بێت و بتوانێت لەسەر ئاستە جۆربەجۆرەكان كاربكات، لەبەرئەوە عەلمانیەت پێی نەچۆتە سەر ئەرزی واقیع تا ڕووبەرێك بێت بۆ ئیشكردن تیایداو هەم بۆ تەبەنی كردنی شێوەیەك لەشێوەكانی بیركردنەوە و دەسەلاَتی سیاسی.

ئەگەر بێینە سەر كرۆكی تەوەرەكە، دوای ئەو ڕووداوەی زنجیرە درامای ئاریا بەدوای خۆیدا هێنای، ئەو جەوهەرو حەقیقەتە جارێكی تر خۆی دووپات دەكاتەوە، ڕەوتە ئیسلامی و دینییەكان لەكۆمەڵگەی كوردستان وەك هەموو كۆمەڵگەكانی تر (بەتایبەت ئەوانەی خاوەنی جۆرێك لە ڕوانینی فێندەمینتالیستیانەن بۆ ئاین) ناتوانن دیالۆگ بكەن و بەرگەی رەخنە ناگرن، تەنانەت ناتوانن چاوەڕێی كۆتایی هاتنی ڕووداوەكان بكەن، ناتوانن چاوەڕێی كۆتایی هاتنی درامایەك بكەن بۆئەوەی هەڵوێست و خوێندنەوەی واقیعیانەیان بۆی هەبێت، بەڵكو تووشی هستریا دەبن و ئەو چەكە فەرامۆش دەكەن رەخنەگر بەكاریهێناوە بۆیە پەنا دەبەنە بەر فەتواو توندوتیژیی و گوشاری نامەدەنیانە.

لەدوای پەخشكردنی زنجیرە درامای ئاریا لە كەناڵی كوردسات، هەڵبەت یەكێك لەو هەلاَ گەورانەی دراماكە نایەوە، بەدەر لەپرسی

هەڵدانەوەی چەند لاپەڕەیەك لە گەندەڵی و سکەندالی بەرپرسانی سیاسی و ئیداریی، ڕەخنەگرتن بوو لە مەلا ئاینییەکان لەرێی کارێکتەری مەلا جوانەوە.

بەلاّم مەلا جوان ڕۆڵی مەلایەکی دەبینی هەر لەسەرەتای دراماکەوە ناسنامە ساختەکارانەکەی ئاشکرا کرا لەرێی ئەو نامەیەی لەئەفغانستانەوە هاتبوو بۆ شانە تیرۆریستییەکانی سەر بەئەلقاعیدە وئەنسارولئیسلام لە کوردستان، کەسێتی مەلا جوان لەو نامەیەدا وا وەسف کراوە مەلا نییە، دواتریش بەپێی تێپەڕینی ڕووداوەکانی زنجیرەکە و لە ئەڵقەکانی کۆتاییدا مەلایەکی تر دێتە ئاریاوە، جێی مەلا جوان دەگرێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەم مەلایەیان مەلایەکی عەقلاّنییە و شێواز و مامەڵەکردنی لەگەڵ تێکستەکانی قورئان و بەرێوەبردنی ئاینداریی‌دا زۆر جیاوازترە.

ئیسلامییەکان نەیانتوانی کەمێك دان بەخۆیاندا بگرن و چاوەڕوانی ئەوە بکەن ئاراستەی گشتی ڕووداوەکانی ناو دراماکە بەکوێ دەگات!.

بەڕاستی ئەوەندەی من تێیگەیشتووم و بەحکومی ئەوەشی هاورێی (هادی مەهدی) دەرهێنەرم، مەبەست لەزنجیرە درامای ئاریا سوکایەتی کردن نییە بەئاین وبەمەلا بەقەدەر ئەوەی هەوڵدانێکی هونەرییە بۆ هەڵدانەوەی لاپەڕەیەکی شاراوە لە گەندەڵییەکانی ولاّتی ئێمە، هەروەها هەولێکیش بووە بۆ ئاشکراکردنی شێوازی ئیشکردنی رێکخراوێکی وەك ئەلقاعیدە لە کوردستان.

ئەو شێوازەی دەرهێنەر لە دراماکەدا بەکاریهێناوە هەمان ئەو شێوازەیە کە ئەلقاعیدە لەناوچەی هەورامان خۆی پێ بەهێز کردو بوونی خۆی پێ سەلماند، بەو فۆرمە هاتن و خەڵکانێك هەبوون هاوکارییان کردن لەو بوارەدا، مەلا جوان و ملازم سمکۆ و نادر ئاغا کۆمەڵە ناوێکی مەجازیی و مەعنەوییین بۆ ئەو کەسانەی لەو ناوچانە بەرپرسی حیزبی و حکومی بوون وهەماهەنگیان لەگەڵ ئەلقاعیدەدا کرد تا لەو دەڤەرانە گەشە بکەن، ئەوە حەقیقەتێکی ڕەهای قۆناغێکی مێژوویی ئێمەیەو هیچ پێویست بەشاردنەوە ناکات، بەڵکو شاردنەوەی خیانەت کردنە لەمێژوو.

بەلاّم بزوتنەوە ئیسلامییەکان بەدیاریکراویی یەکگرتوو وکۆمەڵی ئیسلامی بەرگەیان نەگرت دراماکە بگاتە خاڵی کۆتایی، ئەوان نەیانتوانی وردتر سەیری دراماکە بکەن تا بزانن فۆکەس کراوەتە سەرچی، هەڵبەتە کرۆك و ئامانجی زنجیرەکە هەڵوەستە کردن بوو لەمەڕ دیاردەی گەندەڵی و فۆرمی گەشەکردنی رێکخراوی ئەلقاعیدە لە کوردستان، نەك ئەوەی هەندێ لەمەلا توند ئاژۆکان لە وتاری ڕۆژی هەینی 2007/6/22 تەفسیریان بۆ کرد.

هەر ئەمرۆ پێش دوو کاتژمێر لەرادیۆی نەوا هادی مەهدی و یەکێك لە مەلا ئاینییەکان هەمان گفتوگۆیان هەبوو لەسەر دراماکە، هادی توانی لەمیانەی بەرنامەکەدا مەلا بگەیەنێتە ئەو قەناعەتەی ئەوان بڕیاری پێشوەختیان داوە و مەلاکە خۆی دانی بەوەدانا حکومەکەیان بە پەلەو پێشوەخت بووە.

بەلاّم ئێمە وەك نووسەران و ڕۆژنامەنووسان بڕیارماندا بێدەنگ نەبین، بۆیە کەمپینێکمان دروستکرد بەناوی کەمپینی هاوپشتی بۆ زنجیرە درامای ئاریا، ئەم کەمپینە پێشوازیی زۆری لێکرا چ لەسەر ئاستی دەستەبژێر چ لەسەر ئاستی جەماوەریی، هەر دوای کارەکانی کەمپین دۆزی ئاریا سەدای دایەوە تا ئەوەی وا بڕیارە لە هەفتەی داهاتوودا لەشاری سلێمانی ژمارەیەك گەنج کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی سازبدەن بۆ پرۆتستۆکردنی وەستاندنی درامای ئاریا لە کەناڵی کوردسات.

**بابان:** ئێوە وەك کەمپین داواکارییەکانتان چین بەتایبەتی لە کەناڵی کوردسات؟

**ستیڤان شەمزینانی:** لەیەکەمین بەیاننامەی کەمپیندا کە لەرۆژی 2007/6/23 بلاّوکرایەوە لەژێر تایتڵی (کوردسات و مەلاکان و بەرپرسان زنجیرە درامای ئاریا ڕادەگرن) داوامانکرد ئەم زنجیرە درامایە وەك خۆی و بێ دەرهێنانی ئەو دیمەنانەی کوردسات ویستی دەریانبهێنێ نمایش بکرێتەوە.

ئێمە داوامان کرد ئەوە مافێکی زۆر سەرەتایی بینەرە کە چەند ئەڵقەیەك سەیری ئەو درامایەی کردووە، لەگەڵ ڕەوتی ڕووداوەکانی ناو دراماکەدا بڕوات تا دەگاتە خاڵی کۆتایی.

بەفەرمی داوامان لە کەناڵی کوردسات کرد ئەو زنجیرە درامایە پێشکەش بکاتەوە بێ هیچ جۆرە دەستکاریی و چەندو چوونێك، بەلاّم بەداخەوە تا ئێستا کەناڵی کوردسات هیچ وەلاّمێکی پۆزەتیڤیان نەبووە، بەپێچەوانەوە لەراگەیاندنی خۆیاندا کە لەماڵپەڕی هاولاّتی بلاّوبووەتەوە ڕایانگەیاندووە ئەو زنجیرە درامایە لەگەڵ سیاسەت و ستراتیژی ئیشکردنی کوردساتدا ناگونجێ، ئەمە لەکاتێکدا ئەم

ڕاگەیاندنە دوای پەخشكردنی (5) ئەڵقەی دراماكە دێت و دوای ئەوەش دێت كە كوردسات خۆی بڕی 85 هەزار دۆلاری خەرجكردووە بۆ بەرهەمهێنانی زنجیرەكە.

یەكێك لەو هۆكارانەی وایكردووە كوردسات لەسەر هەڵوێستی خۆی سوور بێ، پابەندە بەوەی (هێرۆ خان)ی سەرپەرشتیاری گشتی كەناڵەكە لەگەشتی دەرەوەی وڵاتە و نەگەڕاوەتەوە، تا ئەویش نەگەڕێتەوە پرسەكە كۆتایی نایێ و یەكلایی نابێتەوە.

بەڵام هادی مەهدی دوێنێ لەكۆنگرەیەكی ڕۆژنامەنووسییدا ڕایگەیاند كوردسات لەبەردەم سێ ئیختیاردایە:

یەكەم: یان ئەوەتا كەناڵی كوردسات بێ هیچ چەندو چون و دەستكاریی كردنێك دراماكە پیشانی بینەران بداتەوە بەبێ لابردنی هیچ كام لەو دیمەنانەی دەرهێنەر ڕازی لەسەر نییە.

دووەم: یان هادی مەهدی دەرهێنەر بڕی تێچوونی بەرهەمهێنانی دراماكە بگێڕێتەوە بۆ كەناڵی كوردسات و لەبەرامبەردا خاوەنداریێتی دراماكە بگەڕێتەوە بۆ هادی مەهدی.

سێهەم: یان ئەوەتا كەناڵی كوردسات بەرهەمەكە بەبڕی 100 هەزار دۆلار بفرۆشێتەوە بە كەناڵی ڕۆژهەلاَت تیڤی.

ئێمە وەك كەمپین ڕاستەوخۆ پشتگیریی ئەم داواو خواستەی دەرهێنەری ئاریامان كرد و داوامان لەنووسەران و بینەران كرد پشتیوانی لەم خواستەی دەرهێنەر بكەن، خۆشبەختانە بەدەنگەوە هاتن هەبوو، لەم چەند ڕۆژەشدا سێ لیستی هاوپشتیوانیمان بلاَوكردەوە لە ماڵپەڕەكاندا كە واژۆی 226 نووسەرو ڕۆژنامەنووس و هونەرمەندی لەسەربوو لەناوەوە و دەرەوەی ولاَت.

هەروەها زیاتر لە (100) وتارو ئەرتیكڵ بەزمانی كوردیی و عەرەبی لەسایت و ڕۆژنامەكاندا بلاَوكراونەتەوە لەسەر ئەم دۆزە كە بەشی شێرو زۆرینەیان پاڵپشت بوون بۆ زنجیرە درامای ئاریا. لەبەرامبەردا ماڵپەڕی (كەی نیوس دەیلی)كە ئاڕاستەیەكی ئیسلامی هەیە، بەتوندیی هێرشی كردە سەر دراماكە، دەرهێنەر و نووسەری دراماكەی بەسەهیۆنی و بەكرێگیراو ناوزەد كرد، هەتا ئەوەی (خالد ڕەنجدەر)ی برای مەلا كرێكار لەو سایتەدا قسەی كردووە و نوسیوویێتی.

ئەم درامایە وایكرد جەنگەكەی نێوان عەلمانییە ڕاستەقینەكان و ئیسلامییەكان دەربكەوێت، چونكە جەنگێك هەیە لەنێوان هەردوو تەوژمەكەدا، تەوژمی ڕۆشنبیرانی عەلمانی و قەڵەم بەدەستانی ئیسلامی. كە ئێمە دەمانەوێت ئاكامی ئەم گێرمە و كێشەیە بەقازانجی ڕەوتی عەلمانیەت و ئازادیی ڕادەربڕین و كۆمەڵگەی مەدەنی و كراوە بێت.

**بابان:** ئایا پاساوی نەگونجان لەگەڵ سیاسەت و ستراتیژدا جۆرێك نییە لە سانسۆری بیروڕاو یان سانسۆرێك نییە لەسەر بەرهەمی هونەریی وەك كەناڵی كوردسات ئەم كارەی كرد؟

**ستیڤان شەمزینانی:** من لەگۆشەیەكی تروە سەیری ئەم پرسە دەكەم، ئاراستە و ستراتیژی كەناڵی كوردسات لەسەرەتاوە لەگەڵ ئەم زنجیرە درامایەدا بووە بەتایبەتی بۆ دژایەتیكردنی ڕێكخراوی ئەلقاعیدە، بەپێچەوانەوە وەك میكانیزمێك سەیری كردووە كە دەكرێت بەجۆرێك لە جۆرەكان دژایەتی ڕێكخراوە تیرۆریستییەكانی پێ بكرێت.

بەڵام چوونی چەند مەلایەكی سەر بە لایەنە ئیسلامییەكان ویەكێتی زانایان لە شاری سلێمانی بۆ بارەگای مەكتەبی سیاسی (ی.ن.ك) وسكرتاریەتی جەلال تاڵەبانی وداواكردنی ئەوان بۆ ڕاگرتنی دراماكە وایكرد، مەكتەبی سیاسی(ی.ن.ك)داوا لە كوردسات بكات دراماكە رابگیرێت.. لێرەوە دەردەكەوێ ڕاگرتنی ئاریا پەیوەندیی بەوەوە نییە كە ئەم درامایە لەگەڵ ستراتیژی سیاسی یەكێتی یان كەناڵی كوردسات ناگونجێ بەقەدەر ئەوەی لەژێر گوشاری ڕەوتە ئیسلامییەكان و گوشاری مەلاكاندا ڕاگیراوە **(هەرچەندە بەرپرسە گەندەڵەكانی ناو یەكێتی زیاتر لە مەلاكان دژایەتیی ئەم درامایەیان كرد بەڵام گۆزەكەیان لەسەری مەلاكاندا شكاندوشەڕی خۆیان بەوان كرد)** بەڕاستی لام سەیرە دەسەڵاتی سیاسی لە كوردستان ئەوەندەی موجامەلەی مەلا ئاینییەكان و ڕەوتە ئیسلامییەكان دەكات بەچارەگی ئەوە باری سەرنجی لەسەر هێزو ڕۆشنبیرە عەلمانییەكان نییە.

وەك پێشتر وتم هادی مەهدی لە زنجیرە دراماكەیدا لەسەر دوو تەوەر ئیشی كردووە، تەوەری یەكەم بریتییە لە پرسی گەندەڵی بەرپرسەكان و تەوەری دووەمیان دروستبوون و گەشەسەندنی شانە تیرۆریستییەكانی سەر بەئەلقاعیدەیە لە كوردستان، هەروەها

هەڵوەستە کردنە لەسەر شێوازی ئیشکردن و مامەڵەیان لەسەرەتای هاتنە ناوەوەیان بۆ کوردستان.

هەر لەو درامایەدا کارێکتەری (سابیری بازرگان) کە هونەرمەند (عومەر دڵپاك) بەرجەستەی دەکات هێمایە بۆ شەیتان (ئەهریمەن)، دەرهێنەر وا نیشانی دەدات ئەوە ئەهریمەنە ئەمیری تیرۆریستانە و ناویانی لە (انصار الاسلام)ەوە گۆڕیوە بۆ (انصار الشیگان).

لەکاتێکدا قورسایی کاری ئەمرۆی یەکێتی و پارتی لەسەر ئەوەیە ڕەوتە تیرۆریستە ئیسلامییەکان لەناو ببەن و ڕووبەڕوویان ببنەوە، دەکرا ئەم درامایە وەك میکانیزمێکی گونجاو ببینن لەو جەنگەدا بۆ دژایەتی تیرۆر، چونکە ئەم درامایە لە ئاستێکی جەماوەریی و بەربڵاودا تەماشاکاری هەبوو.

وەك هێماشم بۆ کرد کاتێك ئاریا وەستێنرا لەژێر گوشاردا بوو، ئەگینا هیچ پەیوەندییەکی نییە بەوەی ستراتیژی یەکێتی لەگەڵیدا ناگونجێ، بەڵکو یەکێك لەستراتیژەکانی یەکێتی بریتییە لە دژایەتیکردنی گروپە تیرۆریستییەکان بەتایبەتی لەم قۆناغەدا.

هەردوو حیزبیش (پارتی و یەکێتی) زۆر زیانیان لەسەردەستی ئەو ڕەوتانە لێکەوتووە. ڕووداوی یەکی شوباتی ساڵی 2004 ڕووداوێکە ناکرێت لەبیری هەردوو حیزبەکە بچنەوە، هەرچەندە ئەندامی هیچ یەکێك لەو دوو حیزبە نیم بەڵام یەکی شوبات بەسە بۆ ئەوەی پارتی و یەکێتی بەشێوەیەکی ستراتیژیی و بەرنامەڕێژکراو بیر لە

ڕوو بەڕووبوونەوەی گروپە تیرۆریستییەکان بکەنەوە.

**بابان:** ئایا ئەو بڕیارە پێشوەختەی ئیسلامییەکان لەوەوە نەهات ئەگەر درامای ئاریا بەخاڵی کۆتایی بگەیشتایە بە قازانجی عەلمانییەکان و زیانی ئیسلامییەکان تەواودەبوو؟

**ستیڤان شەمزینانی:** بەدەر لە بەرپرسان وهەندێك کەس لەستاف هونەریی کەناڵی کوردسات.ئەوانەی دژایەتی (ئاریا) یان کرد دابەشبوون بەسەر دوو تەوژمدا:

یەکەمیان بریتی بوو لەوەی هەندێ لەمەلاکان و هەندێ لەخەڵکی سادە بەشێوەیەکی عەفەویی و بێ هیچ لێکدانەوەیەکی ورد، پێشوەخت بڕیاریان لەسەر دراماکە داو کەوتنە دژایەتیکردنی، ئەمجۆرە کەسانە دوای ئەو کەمپینە ڕاگەیاندنیەی بۆ پیشاندانی وێنەی ئۆرژیناڵی دراماکە کرا زۆربەیان گەیشتنە ئەو بڕوایەی هەڵە بوون لەوەی بڕیاری پێشوەختیان داوە، دەکرێت لەڕێی هۆیەکانی ڕاگەیاندنەوە کاری زیاتر بکرێت بۆ ڕوونکردنەوەی حەقیقەتی دراماکە، ئەویش لەڕێی جارێکی تر پیشاندانەوەی ئاریا. ئەم خەڵکانە لەو ڕێیەوە قەناعەتیان پێدەهێنرێت و هیچ کێشەیەکیان نامێنێت.

تەوژمی دووەمیان، تەوژمە زۆر کاریگەرەکەیە لە دژایەتیکردنی ئاریادا، ئەم تەوژمە بریتیین لە ئیسلامییە ئسوڵییەکان، کە بەشێوەیەکی زۆر کۆنکرێتی دژایەتی دراماکە دەکەن، چونکە دەزانن ئامانجی ئاریا لێدانە لەپێگەیان، هەوڵێکیشە بۆ هەڵماڵینی پەردەی نهێنییەکانیان و دەرخستنی شێوازی ئیشکردنی ئەلقاعیدە و گروپەکانی تری جیهادیی، هەروا دیارخستنی مامەڵەکردنیانە وەك هێزێکی تیرۆریستی مەترسیدار لەسەرتاسەری جیهاندا.

پێشتر بەهەمان شێوە درامایەك بەناوی ڕێگا بۆ کابوڵ (الگریق الی کابول) لەدنیای عەرەبیدا قەدەغەکرا، ئەم درامایە بەرهەمی کەناڵی (mbc) بوو، بینیمان ڕێکخراوی ئەلقاعیدە بەفەرمی هەڕەشەی لە کەناڵەکە کرد، ئەویش وەك ئاریا دوای چوار پێنج ئەڵقە لەپەخش وەستاو تا ئێستا لە ئەرشیف هەڵگیراوە و نمایش ناکرێت لەکاتێکدا بڕی تێچوونی بەرهەمهێنانی ئەم درامایە زۆر خەیاڵی بوو.

هەڵبەتە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە لەڕێگەی جۆراو جۆرەوە ئیش دەکات، بەدەر لەوان ئیسلامییە ئسوڵییەکانی تر زۆر ئیشیان کرد لەو ڕاستایەدا، بۆ نموونە سایتێکی وەك (کوردستانیوز) بەشێوەیەکی زۆر کۆنکرێتی و بەرنامە بۆدانراو هێرشی کردە سەر زنجیرە دراماکە وکاستەکەی، نووسینی وتار لەلایەن (خالد ڕەنجدەر)ی برا مەلا کرێکارەوە بەڵگەیەکە بۆئەوەی ڕێکخراوی ئەلقاعیدە و شانە جیهادییەکان جۆشدەری ئەو حەملەیەن کە بۆ دژایەتیکردنی درامای ئاریا کاردەکات.

دەمەوێ ئەم پرسە ببەستمەوە بەڕووداوی کوشتنی (دوعا)وە، هەر هەمان ئەم ماڵپەڕ و نووسەرو ڕێکخراوانە هاتن بەشێوەیەکی زۆر بەرفراوان لەسەر دوعایان نووسی، تەنانەت کوردستانیوز بەشێوەی ڕۆژنامەیەکی تەقلیدیی (چاپکراو) بلاوکرایەوە کە هەموو لاپەڕەکانی

تەرخانکرابوو بۆ ڕووداوی کوشتنی دوعا. ویستیان دوعا بکەن بەڕەمزی بەرگریی و شەهادەتی ئیسلامی و بیکەن بەسەرەتایەك بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ باوەڕدارانی ئاینی ئێزدی، بەداخەوە ئەم هەوڵە ڕووداوی خوێناویی لەدژی ئێزدییەکان بەدوای خۆیدا هێنا، یەکێك لەوانە گوللە بارانکردنی 25 کرێکاری ئێزدیی بوو لەلایەن ڕێکخستنە چەکدارەکانی سەر بە ئەلقاعیدەوە.
ئەمرۆ هەمان ئەو خەڵکانە دژایەتی زنجیرە درامای ئاریا دەکەن و تەنانەت لە نووسینەکانیاندا گەیشتوونەتە ئاستی فەتوادان و دژایەتی و هاندانی خەڵك و تۆمەت هەڵبەستنی وەك سەهیۆنی و ڕافیزیی.
ماوەتەوە بڵێم تەوژمی یەکەم زیاتر زانایانی ئاینیی و هەندێك خەڵکی سادەو ساکارن تێگەیاندنیان زۆر ئاسانە و دەبێت ئێمە هۆشیارانە لەم ڕووەوە مامەڵە بکەین و شەڕی ئەلقاعیدە تێکەڵ بەهەڵە تێگەیشتنی هەندێ مەلاو خەڵکی سادە نەکەین، مەلاکان ڕێگە هەیە بۆ دایەلۆگ کردن لەگەڵیان،هەرچی ڕێکخراوی ئەلقاعیدەشە دەبێت وەك جەنگاوەر ڕووبەڕوویان ببینەوە.

**بابان:** د. محەمەد ئەرکۆن لەیەکێك لەکتێبەکانیدا دەنووسێ، ئاینی ئیسلام بەو خەسڵەتەوە ناسراوە بەردەوام پەنا دەباتە بەر توندوتیژیی و باس لەوە دەکات تاکە سەنگەرێك ئیسلامییەکان بەدەستیانەوە مابێتەوە بریتییە لەتوندوتیژیی، ئایا ئەم خەسڵەتە بۆچی و ئەم حاڵەتە لای ئیسلامییەکانی کوردستانیش چۆنە؟

**ستیڤان شەمزینانی:** بەڵگە نەویستە خەسڵەت وئەدگاری توندوتیژیی باڵی بەسەر ئیسلامدا کێشاوە، هۆکارەکەی بەدەر لەوەی سروشتی ئاینەکە پانتاییەکی زۆری تیایە بۆ پیادەکردنی توندوتیژیی، پابەندە بەوەی دەبینین هەموو بزوتنەوە ریفۆرمخوازەکان و هەموو خوێندنەوە نوێباو و گۆڕانخوازەکان سەرکەوتوو نەبوون، هەموو دیدە عەقلانییەکان لەشرۆڤە کردنی ئاینی ئیسلامدا شکستیان هێنا. لەدێریندا ڕەوتێکی عەقلانی وەك (موعتەزیلە) نەیتوانی پرۆژەیەکی سەرکەوتوو بێت لەوەرچەخاندنی ئیسلامدا و مۆدیلێك لەئیسلام بەرهەم بهێنێت کە بتوانێ بەرگەی گۆڕانکاریی و بەرگەی ئەو نوێبوونەوانە بگرێت لە دنیادا ڕوو دەدەن.
وەك چۆن ئاینی کریستیانی لەسەر دەستی چاکسازێکی وەك (مارتن لۆتەر) گۆڕانی بەسەردا هێنراو نوێکرایەوە و ئەو رۆحەی پێدرا بەردەوام لەگەڵ داهێنانە نوێیەکاندا خۆی بگونجێنێ و لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییە گرنگانەی لەژیان و ژیاردا ڕوو دەدەن خۆی بسازێنێت.
دواتریش بەدرێژایی تێپەڕبوونی چەندین سەدە لەمێژووی ئاینی ئیسلامیدا، دیدو خوێندنەوە عەقلانییەکان لەبەرامبەر دیدە سەلەفییەکان شکستخواردوو بوون و نەیانتوانی پرۆژەیەکی سەرکەوتوو و کارابن لەڕەنگکردنی ئیسلامێکی مۆدێرن.
دەبینین خوێندنەوەکانی جەمالەدین ئەفغانی و محەمەد عەبدە لەبەرامبەر تێزەکانی حەسەن بەنادا شکست دەهێنن و دەبەزن و (اخوان المسلمین) وەك چۆن ئاگر لەپووش بەردەبێت تەشەنە دەکات لەسەرتاسەری دنیای ئیسلامیدا، لەبەرئەوە کاتێك فێندەمینتالیستەکان، ئەوانەی تەنیا ئایەتەکانی جیهادو ئایەتەکانی توندوتیژیی و تەنیا ڕێگەی پیادەکردنی توندوتیژیی لەمامەڵە لەگەڵ ئەوانیتردا شك دەبەن، سەردەکەون و بەردەوام زاڵدەبن بەسەر جڵەوی ئاینی ئیسلامدا، ئاساییە ئیسلام ئەو رۆحەی پێ ببەخشرێت هەمیشە دەستی لە نێزیك کەمەری بێت بۆ هەڵکێشانی شمشێرەکەی لەکێلان و دژی هەر ڕەخنەو نوێبوونەوەیەك بوەستێت بەزەبری هێزی شمشێرەکەی نەك بەهێزی ئاوەزی.
هەر بۆیە سەیر بکە ئەمرۆ قورئان بۆ ڕەوتە ئیسلامییەکان نامەیەکە ئیلهامی توندوتیژیی لێوەردەگرن، ئەوان قورئان تەنیاو تەنیا وەك سەرچاوە و کتێبی نایابی توندوتیژیی تەماشا دەکەن.
بۆ بەشی دووەمی پرسیارەکەشت، هەڵبەتە ئیسلامی سیاسی لەکوردستان دابڕاو نییە لە ئیسلامی سیاسی لەدنیای عەرەبی و ئیسلامیدا، لەبەرئەوەی هەموو ئەو ڕێکخراوانەی لە کوردستان ئیش دەکەن بەشێوەیەك لەشێوەکان پەیوەندییان هەیە بە ڕێکخراو وحیزبەکانی تری ئیسلامییەوە لەدەرەوەی کوردستان، یەکگرتووی ئیسلامی وەك بەهێزترین تەوژمی ئیسلامی لە باشوری کوردستان ئۆرگانی کوردستانی ڕێکخراوی (اخوان المسلمین)ی جیهانییە، ئەگەر سەرنج بدەین ئیخوانەکان لەسەرەتاوە وەك ئەڵقەیەکی چاکسازو میانڕەو خۆیان دەردەخەن، بەڵام دواتر تێوەدەگلێن لەکاری تیرۆریستی و گۆڤاری **(النذير)** دەردەکەن وەك گۆڤارێکی سیاسی بۆ هاندانی توندوتیژیی و پەخشکردنی بیرۆکەی جیهاد، پاشان هەستان بەتیرۆرکردنی سەرۆك وەزیرانی میسر نەقراشی پاشا، فکری ئیخوان (سەید قوتب) بەرهەمدەهێنێ کە ڕابەرو تیۆریسیۆنی گروپە تەکفیرییەکانی دنیایە، ئوسامە و زەواهیری چی کارێکیان نەکردووە جگە لەوەی ئەندێشەکانی (سەید قوتب)یان لەبواری کرداریدا تاقیکردۆتەوە و پیادە کردووە.

جگە لە یەکگرتوو هەموو ڕێکخراوەکانی تری ئیسلامی پابەندن بەئێران و ئەفغانستان و لەژێر کاریگەریی هێزە ئیسلامییەکانی تری دنیان، مۆدیلی بەردەوامی ئیشکردنی هەموو ئەم ڕەوتانەش دەزانین بریتی بووە لە مۆدیلی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژو تیرۆریستیانە.

بەلاّم خۆشبەختانە ئیسلامی سیاسی لە کوردستان ئەمرۆ لەژێر کۆمەڵێك گوشارو پەستانی ناوخۆیی و دەرەکیدایە و چۆتەوە قاوغەکەی خۆی و دەیەوێت بەهەر نرخێك بووە لەم قۆناغەدا درێژە بەمانەوەی خۆی بدات، یان بەمانایەکی تر چووەتە قۆناغی مت بوونەوە و نایەوێ ململانێیەکی سەخت بکات چونکە خۆی هەڵگرتووە بۆ قۆناغەکانی داهاتوو.

دەکرێت بڵێین پاڵەپەستۆی هەرە سەرەکی هاتنی ئەمەریکایە بۆ ناو عێراق، ئەگەر ڕوخانی سەددام و هاتنی ئەمەریکا لەناوەڕاست و باشوور ڕەوتە ئیسلامییەکانی بردبێتە سەر کورسی دەسەلاّت و سەردەمی زێڕینەوە دروست بەپێچەوانەوە لەکوردستان ئیسلامی سیاسی پاشەکشەیەکی بەرچاوی کردووە و رۆڵ و کاریگەریی ئێجگار کەم بووەتەوە.

لەگەڵ ئەو ڕاستییەشدا کە ئیسلامییەکانی کوردستان لە قۆناغی مت بووندان بەلاّم لەهەر چرکە ساتێکدا دەستبدات بۆیان وەهەر بۆشاییەك بەقازانجییان دروست ببێت بەڕێگەی تیرۆرو توندوتیژانە ڕووبەڕووی نەیارەکانیان دەبنەوە و سەرکوتیان دەکەن,ئەم کردەی توندوتیژییەش لە فەتوایەکەوە دەست پێدەکات هەتا کردەی تیرۆرو تۆقاندن و خۆتەقاندنەوە.

دەبێت باس لەوەش بکەین فۆرمەکانی توندوتیژیی لای هەر یەکێك لەحیزبە ئیسلامییەکان جودایە، یەکگرتوو بەتیۆریی و نەرمەبڕانە ڕەفتار لەگەڵ توندوتیژیدا دەکات و بەرهەمی دەهێنێت، گروپەکانی تر راستەوخۆ بەپراکتیکی موماسەرەی دەکەن.

تۆ بڕوانە هەموو ئەو وانانەی یەکگرتووی ئیسلامی بە ئەندامەکانی دەڵێتەوە، هەمان ئەو وانانەن ڕێکخراوێکی وەك ئەلقاعیدە ئەندامەکانی پێ گۆش دەکات، تەنیا جیاوازیش شێوازی ئەداو دەربڕینەو خاوکردنەوەیەتی بەپێی قۆناغ و هەلومەرجی سیاسی.

لەم چرکەیەدا وتەزایەکی **(د. نەسر حامید ئەبوزێد)**م دێتەوە یاد کە دەڵێت: من جیاوازیی لە نێوان ئیسلامگەرای توندڕەو و میانڕەو نابینمەوە، چونکە هەردووکیان توندڕەون، لایەنی میانڕەو پێیوایە هەلومەرجی بابەتی لەبار نییە بۆ پیادەکردنی توندوتیژیی، ئەو تەوژمەشی پیادەی دەکات وا سەیر دەکات جیهاد کردەیەکە لەهەر لەحزەیەکدا دەکرێت ئەنجام بدرێت.

کەواتە لێرەدا مەسەلەی پیادەکردنی توتدوتیژیی بەرخودێکی تاکتیکییە وەك لەوەی ستراتیژیی بێت، یەکگرتووی ئیسلامی و (اخوان)ەکان لەهەموو دنیادا بڕوایان بەوە نەهێناوە ئایەتەکانی جیهاد و کوشت و بڕ لە قورئانەکانیاندا دەربهێنن و خوێندنەوەی بۆ نەکەن و بڵێن مەبەست لەدەستەواژەی جیهاد، جیهادی نەفسە، خۆیان لەو وتەیەی پەیامبەر (محەمەد) نەبواردووە کە دەڵێت **(الجنه تحت چلال السیوف)**، بەپێچەوانەوە پێیانوایە تاکتیکی سیاسی قۆناغ و بالآنسی هێز وادەخوازێت چەمك و کردەی توندوتیژیی لە ژێرزەمیندا هەڵبگرن بۆ کاتی پێویست.

ئەگینا ئەو رۆحییەتە کۆدێتاچی و توندوتیژانەیە لای هەموو بزوتنەوە ئسولّییەکان هەیە بەبێ جیاوازیی، دەکرێت لای (بن لادن)خۆی لە خۆتەقاندنەوە و هێرشکردنە سەر هەر دوو تاوەری بازرگانی جیهانیدا ببینێتەوە، بەلاّم لای ئیخوانەکان بەشێوازێکی ترە وخۆیان هەڵگرتووە بۆئەوەی لەڕێی سندوقەکانی دەنگدانەوە دەسەلاّتی سیاسی بگرنە دەست و لەوێوە و لەڕێی توندوتیژییەوە هەموو تێزو بنەماکانی شەریعەتەکەیان بەسەر خەڵکدا بسەپێنن.

بەکورتییەکەی پێموایە ڕەوتە ئیسلامییەکان توندرەو و میانڕەویان نییە هەموویان توندڕەون، تەنیا ئەوە هەیە فۆرمەکانی توندڕەویی و ئاستەکانی بەرهەمهێنانی توندوتیژیی لەیەکێکیانەوە بۆ ئەویتر جیاوازیی هەیە.

**بابان:** دەبینین لەهەر شوێنێك عەلمانییەکان تووشی شکست بووبن لەوێدا ئیسلامییەکان بەهێز دەبن و دەبنە چالاکترین و کاراترین هێزو جێگرەوە، ئایا عەلمانییەکانی ئێرە ڕووبەڕ و کەلێنێکی زۆریان بەجێنەهێشتووە تا ئیسلامییەکان کاری لەسەر بکەن؟

**ستیڤان شەمزینانی:** رەوتە ئیسلامییەکان کوڕی منداڵدانی قەیرانن، لەکوێ قەیران هەبێت لەوێ چالاکن و دەتوانن سوود لەو قەیرانە وەربگرن و بەکاریدەهێنن بۆ گەشەکردن و پەرەپێدانی خۆیان. ئەوەی پێی دەوترێ رابوونی ئیسلامی چیتر نییە جگە لە پەرچە کرداری ئەو قەیرانە قووڵەی یەخەی بە دنیای عەرەبی و ئیسلامی گرتووە و ئەوان کاریان لەسەرکردووە، ئەگەر سەیری ئەزموون و دۆخی فەلەستین بکەین، دەزانین ئەوە لە شکستی پرۆژەی ناسیۆنال – عەلمانی و لەشکستی (فەتح)ە، حەماس لەڕێی هەڵبژاردنەوە

دەسەلاْتی سیاسی بەدەستدەهێنیْ.

ئەو گەندەلْییە سیاسی و کارگێڕییەی چەندان سالْە بووەتە ڕووخساری دیاری فەتح و دەسەلاْتەکەی، ئاکامێکی لێکەوتەوە ئەویش هاتنە سەرکاری حەماس بوو، فەتح بۆشی دابوو بەدەستەوە بۆیە حەماس توانی گرەوی هەلْبژاردن بباتەوە و دەسەلاْتی خۆی بسەپێنیْ، دەکرێت باس لەوە بکەین گەشەسەندنی ڕێکخراوەکانی ئیسلامی بەدرێژایی دەیەی حەفتاو هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو تا بەئەمرۆ دەگات لەوەوە نەبووە خەلْك ئینتمایەکی بەهێزو چەسپیویان بەئیسلام هەیە، بەقەدەر ئەوەی ئاکامی ئەوەبووە پرۆژەی ناسیۆنالیزم- عەلمانی لەدنیای عەرەبی و ئیسلامیدا بەرەو ڕووی شکستێکی گەورە بووەتەوە، کە نەیتوانیوە دیموکراسی دابمەزرێنێت، نەیتوانیوە کۆمەلْگەی مەدەنی دروست بکات، نەیتوانیوە هاوولاْتی بوون بچەسپێنێت، نەیتوانیوە ژیانی ئابووریی بەهێزبکات، نەیتوانیوە بژێویی و داهاتی تاکەکەس بەرزبکاتەوە، نەیتوانیوە ئاشتی و ئاسایش بپارێزێت و بیچەسپێنێت، نەیتوانیوە دادپەروەریی کۆمەلاْیەتی مومارەسە بکات.

هەموو ئەمانە کۆمەلْێك بۆشایی و کەلێن بوون درانە دەستی بزوتنەوە ئیسلامییەکان چونکە بەبێ بوونی ئەم قلْشت و درزانە ئیمکان نەبوو ڕەوتە ئاینییەکان بەمجۆرە جادوییە بەهێز ببن.

لەکوردستان بەهەمان شێوە، یەکگرتووی ئیسلامی و بزوتنەوەی ئیسلامییەکانی تر سەردەمی زێڕینیان سەردەمی جەنگی ناوخۆیی کوردستان بوو، لەکاتێکدا قەیرانێکی وەك قەیرانی جەنگی ناوخۆ لەئارادایە و هێزە سەرەکییەکانی کوردستان شەڕی تەپکی حەمەد ئاغاو کلاْو قاسم دەکەن، ئەوان لەناو مزگەوت و قوتابخانەکاندا سەرقالْی خۆڕێکخستنن، تەنانەت ئەو هێزەشی ئێستا هەیانە ئەو هێزەیە لەسەردەمی جەنگی ناوخۆ بەدەستیان هێناوە وپەیدایان کردووە، بەئەندازەیەك هەموو هێزە ئیسلامییەکانی کوردستان قەرزاری جەنگی ناوخۆن.

هەنووکەش دەبینین لەمەسەلەی گەندەلْی ئابوریی و ئیداریی لەکوردستان سوودێکی زۆر وەردەگرن و دەیانەویْ مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە، چۆن حەماس لەسەر وەتەری لاوازیی فەتح کاریکردو لەدەسەلاْت لایدا، ئەمانیش دەخوازن بەهەمان میکانیزم بگەنە دەسەلاْتی سیاسی کە خەونی هەمیشەییانە.

جارێکی تر دووپاتی دەکەمەوە، لەکویْ قەیران هەبێت ئیسلامی سیاسی لەویْ زۆر کارایە، لە کوێش کۆمەلْگەیەکی نۆرمالْ و ئازاد هەبێت ئیسلامی سیاسی زۆر بچووك و تەریکە و ناتوانیْ درێژە بە چالاکییەکانی بدات بەو قورساییە زۆرەی ئەمرۆ هەیەتی.

**بابان:** ئازیزان ئێمە بڕیارماندا بوو شەش دیمانە لەشەش ئەلْقەی بەرنامەکەماندا لەگەلْ برای نووسەر (ستیڤان شەمزینانی) ساز بکەین لەمەڕ عەلمانیەت و ئیسلامی سیاسی و ئیسلام و گلۆبالیزم و توندوتیژیی ئاینی، بەلاْم بەداخەوە بەهۆی نەخۆشیی کاك (ستیڤان)ەوە دوای ئەلْقەی سیْ دابڕانێکی یەك مانگ ونیوی دروست بوو، ئەمرۆ ئەلْقەی چوارەم پێشکەش کرا دەربارەی زنجیرەی ئاریا، لێرەوە ڕایدەگەیەنین ئەلْقەی داهاتوو تەرخان دەکەین بۆ قسەوباس لەسەر ماددەی 7 ڕەشنووسی دەستووری هەرێم، ئێمە دوا قسەو پەیام بۆ ستیڤان بەجێدەهێلْین!

**ستیڤان شەمزینانی:** تەنیا سوپاستان دەکەم، بمبەخشن ئەگەر پەرش و بلاْوییەك لە قسەکانمدا هەبوو بێت.

**تێبینی : ئەم دیمانەیە پوختەی چاوپێکەوتنی بەرنامەی ( راڤە و ڕوانگە )ی ڕادیۆی دەنگی مەدەنیەت-ی شاری سلێمانییە، لەگەلْ ( ستیڤان شەمزینانی ) لەرۆژی 2007/6/29.**